# ئاوێته بوونی ڕۆح.!



سەرهەنگ حەمە ساڵح

xamosh_serheng@yahoo.com

زریان...

دەستت خستە

نێو دەستی ڕەشەباو

گەڵای زەردی چاوەڕوانی

عومرێکی کورتت هەڵوەراند...

چۆن دڵت هات

شای نێو گوڵانی

باخچەی شاری کیشوەری با..

لە ئامێزی ئەوینستانی

ڕۆحێکی بێ ناز

جێ ئافات کەی...

من بە تەنیا

لە نێو دارستانی وەهمێکی ئەبەدی

بە کوڵ دەگریم...

لە ژێر وورشەی دارەکاندا

دەسرازەی خەم

دەهەژێنم...

پڕ بە حەسرەت گەڵا زەردەکان

ماچ دەکەم..

بێ بەش دەبم

لە د یمەنە ڕۆمانسیەکانی

جووت بوندا..!

خەیاڵ بەرەو شەپۆڵە بێکۆتایی یەکانی

دەریام دەبا...

لەوێش وەکو جاران

لە کەناری لافاوی عەشقەوە

پرچە خاوەکانت

دەکەیتە ڕەشمالی ڕەنگی زەردی

پڕ تامەزرۆم...

لە کەرنەڤالی ئەم ساتە

چ عەشقێکە.!

سوپرانۆی زەماوەندی

ئەم شاعیرە شێتە

باوەش دەبێتە جێ ژوان و

تا ئەو ساتەی هەردوو ڕۆحی

ئاسودەی یەك

ئاوێتەی یەکتری دەبن...!